

هونەر سەلیم :

# شانازی بەو کەسانەوە دەکەم کە دەیانەوێ سوود لە ئەزموونی ئێمە وەربگرن



**ئەگەر لە دوای ڕاپەڕینەوە لە سینەمای کوردی بڕوانین، دەبینین چەندین سینەماکار هەڵکەوتوون کە توانییان ناوی کورد لە ڕێگای سینەماوە بە جیهان بناسێنن.**

**هونەر سەلیم یەکێکە لەو دەرهێنەرانەی کە لە فیستیڤاڵی کان ساڵی ٢٠٠٨ خەڵاتی شۆڤالێی زێرینی بە دەستهێنا لە فیلمی (کیلۆمەتر زیرۆ)پێبەخشرا، دواتر فیلمە سەرکەوتووەکانی بەردەوام بوون لەوانەش (بستێك سنوور، بووکی کوردستان، تەنیایی ڕەها، قاچاغچییەکانی خەون،ڤۆدگالیمۆن،کیلۆمەتر زیرۆ،دۆڵ، گەر بمری دەتکوژم، my sweet pepper land کە لە کوردستان وێنەی گیراوە باس لە کێشەی ئافرەتان و پەروەردە وخوێندن دەکات ڕەخسێنرا.**

***

لە فیلمەکانی هونەر سەلیمدا هەست بەوە دەکرێ کە گرنگی بە هەموو پارچەکانی کوردستان دەدات لە هەموو ڕوویەکەوە بەتایبەتی شێوەزار، لەم بارەوە دەڵێ:

یەکێك لە ئامانجەکانی من ئەوەیە کە دەوڵەمەندی بەرهەم و داهاتی کورد لە تێکەڵ بوونی هەموو زاراوەکانیدایە، ئەویش ڕیتمێکی تازەیە کە لە سۆرمانجی گەورەترە، واتە تێکەڵ کردنی سۆرانی و کرمانجی، ئەگەر تاکی کورد ژیر بێت و باش بیر بکاتەوە ئەمە نیعمەت و دەوڵەمەندییەکی نەتەوەیی و شارستانییانەیە بۆ ئێمە کەواتە پەیامی من ئەوەیە کە ئەم هەموو زاراوانە ببنە مایەی خێرو خۆشی بۆ میللەتی کورد، ئەمەش لە فەرهەنگ و هونەرو زانست و ژیانی ڕۆژانەی تاکەکانیدا فۆرمەلە بکرێتەوە..

لە (My sweet pepper land) باس لە کێشەی ئافرەت و پەروەردە دەکات کە زۆر گرنگن بۆ پێشخستنی کۆمەڵگا، لەم بارەوە هونەر سەلیم دەڵێ: پێشکەوتن لە پەروەردەوە دەست پێدەکات و لە هەموو جیهاندا گرنگییەکی زۆر بەم بابەتە،لە کوردستان پێموایە بواری پەروەردە لە ڕەوشێکی خراپدایە، ئەمەش دەبێتە هۆی پەروەردە کردنی شێواو و دروستبوونی گەنجی سەقەت، بۆیە پێویستە سیاسەتێکی ڕاستی پەروەردەیی هەبێت و پێش هەموو شتێکیش پێویستە بیر لە دروستکردنی مامۆستا بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێ زانست و زانیاریی و پەروەردەیەکی تەندروست پێشکەشی منداڵەکانمان بکرێ، سەبارەت بە کێشەی ئافرەت زۆر وڵات لە جیهان گەڕاوم و تێبینیم کردووە کە ڕەوشی ئافرەتی کورد لەژێر دەستی جەلادە داگیرکەرەکان بوو، چۆن ڕق و قینەی لە بەرانبەر کورد دەڕشت، هەست بە شەرمەزاری دەکەم لە هەندێ ڕەفتاری بەرانبەر ئافرەتان دەکرێت، پێویستە ئافرەت ئازادی خۆی بەدەست بهێنێتەوە، بەداخەوە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەموویان بە زمان و ڕواڵەت شاعیرن و هەست ناسك و پیاوی زۆر باشن، بەڵام لە لە هەڵسوکەوت بەرامبەر بە ئافرەت بە زەبرو توندین، پێویستە کورد پێداچوونەوەیەکی ژیرانە بە بیرکردنەوەکانی خۆیدا بکاتەوە، بەتایبەتیش لە ڕووی هەڵسوکەوتەکانییەوە بەرانبەر ئافرەت، کە قوربانی زۆری بۆ ئازادکردنی خاك و ئاوەکەی پێشکەش کردووە، دەبێ مافی یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز بە یاساو بە کردەوەش بسەلمێنن. لە بەشێکی زۆری فیلمەکانیدا هونەر سەلیم ڕۆڵی سەرەکی بە خانمە ئەکتەری ناسراوی ئێرانی گولیشفتە فەراهانی دەبەستێت، لەم ڕووەوە هونەر بەم شێوەیە ڕای خۆی دەخاتە ڕووزۆر هۆکار بۆ ئەمە هەیە لەوانە هونەرمەندێکی بە توانایە، لە هەمان کاتدا بۆ ئەو ڕۆڵانە گونجاوە، هۆکاری دووەمیش ئەوەیە: کە لە نێو کورددا کەسێکمان نییە بتوانێت وەکو ئەو بێت ئەگەر ژمارەیەك گوڵشیفتە هەبوایە لە هەر پارچەیەکی کوردستان، یان هەر شوێنێکی دنیا من دەمدۆزینەوە، بەڵام وەك وتم تا ئێستا لەو باوەڕەدا نیم هەبێت، بەو مانایەی کچە ئەکتەرێکی پڕ بە واتای وشە مەدەنی و پێشکەوتووە، کراوەیە، خاوەن بەهرەیە بە پلەی یەك، چونکە ئەمەیان زۆر گرنگە، بەداخەوە تا ئێستا لە نێو ئەکتەرە کچەکانی کوردیکم نەبینیوە، ئەم هەموو تایبەتمەندییانەی هەبێت کە لە گوڵشیفتەدا هەن.

بوونی ستایلی تایبەت یەکێکە لەو بابەتانەی کە باسی لێدەکرێت، هونەر سەلیم سەبارەت بەم بابەتە دەڵێ: هەندێك شتی زۆر تراژیدی هەیە ئەگەر دەرهێنەر وەکو خۆی پێشکەشی بکات، زەحمەتە بینەر بە ئاسانی تەقەبولی بکات، بۆیە پێویستە هونەرێك بدۆزێتەوە کە پێشکەشی بکات، بێ ئەوەی بینەر بێزار بێت بە سانایی لێی وەربگرێت، پێموایە سەتیر (مزاح) بەهێزترین ستایلە و لەو ڕێگایەوە دەتوانیت هەموو شتێك بڵێی، کەسێکی ئەورووپی دەربارەی سەتیر وتەیەکی زۆر جوانی هەیە دەڵێت: سەتیر وەك کەسێکی بە ڕەوشت وایە کە شەرم دەکات بگریت و بە سەتیر ئەم هەستەی خۆی دەردەبڕێت واتە دەتوانم بڵێم بێ ئومێد بوونی کەسێکی بە ڕەوشتە، بەڵام کەسانی دیکە بەشێوازی تر ئەم بێ ئومێدییەی خۆیان دەردەبڕن، بۆ من سەتیر شتێکی زۆر گرنگە و هەموو ئەو کەسایەتییە ناودارانەی دەربارەیان بابەتم لەسەر خوێندوونەتەوە هەموویان سەتیر بەشێك بووە لە ژیانیان.

چەندین ساڵە کورد فیلم پێشکەش دەکات و لەم ڕووەوە دەیان خەڵاتی جیاجیان بە دەستهێناوە و بەردەوامیشن لە کارکردن لەم بارەوە هونەر سەلیم دەڵێ: خەریکە شتێك دروست دەبێت و گەشبینم پێی، متمانەیەکی تەواوم بە نەوەی نوێ هەیە، بەوەی زۆر لە ئێمە تێپەڕن و شتی زۆر لە ئێمە باشتر ئەنجام بدەن و زۆریش سەرکەوتوو بن، شانازییش بەوەوە دەکەم کە سوودێك لە ئەزموونی ئێمە وەربگرن. زۆر کچ و کوڕی بەتوانای باکووری کوردستان دەبینم لە ئەورووپا هاتوونەتە ناو بواری سینەمایی، لە کاری هونەریدا پێویستە عەقڵ کار بکات،جار بە جار هەست بە جموجۆڵی سینەماکارە لاوەکان دەکرێت، جار جار لە فیستیڤاڵەکاندا کورتە فیلمەکان دەبینم، ئەمەش تا ڕادەیەك باشە.

**هەست بە شەرمەزاری دەکەم لە هەندێ ڕەفتاری بەرانبەر ئافرەتان دەکرێت، پێویستە ئافرەت ئازادی خۆی بەدەست بهێنێتەوە، بەداخەوە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەموویان بە زمان و ڕواڵەت شاعیرن و هەست ناسك و پیاوی زۆر باشن، بەڵام لە لە هەڵسوکەوت بەرامبەر بە ئافرەت بە زەبرو توندین**

**هەندێك شتی زۆر تراژیدی هەیە ئەگەر دەرهێنەر وەکو خۆی پێشکەشی بکات، زەحمەتە بینەر بە ئاسانی تەقەبولی بکات، بۆیە پێویستە هونەرێك بدۆزێتەوە کە پێشکەشی بکات، بێ ئەوەی بینەر بێزار بێت بە سانایی لێی وەربگرێت**

# تاپسی ئارەزوویەکی سەیری هەیە

ئەگەرچی شێواز و جۆری خواردن و شوێنەکەی بە یەکێك لە گرنگترین کارەکانی کچە ئەکتەر و مۆدێلەکان دادەنرێت و و هەریەکیان بەرنامە و شێواز و جۆری خواردنی تایبەت بە خۆیان هەیە و بە بەشێکی نەپچڕاوی ژیانیان دادەنێن بۆ ئەوەی هەمیشە لەش و لاریان رێك و جوان بێت و رۆڵی زیاتر لە فیلمەکان وەربگرن و دڵی دەرهێنەرانیش رازی بکەن و سەرنجیان رابکێشن، بەڵام لە هەمان کاتدا رەنگە هەندێکیان لەم شێوازە لابدەنو گرنگییەکی زۆریشی پێ نەدەن.

کچە ئەکتەر و مۆدێلی هیندی تاپسی پانۆ پێچەوانەی ئەم جۆرە کارانەیەو بە ئاشکرا تامەزرۆیی خۆی بۆ خواردنی سەر عارەبانەی شەقامەکانی شاری دهلی راگەیاند ئەمەش واتە هیچ بەرنامەیەکی نییە وەك ئەو ئەکتەرانەی دابەزاندنی کێشی لەشیان بە گرفتێکی گەورە دادەنێن، تاپسی لە دیمانەیەکی رۆژنامەوانیدا دەربارەی خۆشەویستی خۆی بۆ خواردنی سەرشەقامەکان دەڵێ:

هەر کەسێك بیەوێ بچێتە دهلی و زانیاری پێویست بێت دەربارەی باشترین و بەتامترین خواردن لەسەر شەقامەکانی ئەم شارە پێویستە راوێژ بە من بکات، چونکە من شارەزای هەموویانم، خۆشەویستیی خواردنی سەرشەقامەکان خۆی بەسەر بیر و هزری مندا سەپاندووە، زۆر حەز لە شیرینی و هەویرکاری دانیمارکی دەکەم، بەڵام عاشقی خواردنی هێندیك و بەرگەی ئەو خواردنە خۆشانە ناگرم کە لەسەر عارەبانەکان دانراوە و خەڵك دەوری داوە بۆ ئەوەی بیخوات.





## مەریەم دۆستی:

# سینەمای کوردی پێشکەوتووە

مەریەم دۆستی ماوەیەکی زۆرە لە بواری لە سینەمادا وەك دەرهێنەر و سیناریست کار دەکات، لە هەمان کاتدا شاعیر و نووسەریشە، بە هۆی ئەوەی چەند جارێک سەردانی کوردستانی کردووە زانیاریی دەربارەی کورد و سینەمای کوردی هەیە.

مەریەم لە بارەی سینەمای کوردی دەڵێ: سینەمای کوردی نوێیە بۆیە سینەماکارانی کورد دەتوانن زیاتر سوود لە ئەزموونی دیکە وەربگرن، چونکە سینەماکارانی کورد کە کەسانی بە توانا و لێهاتوون لە دەرەوە زیاتر بخوێنن و ئەوەی لە دەرەوە فێر دەبن و وەری دەگرن بێن لە کوردستان پیادەی بکەن، بە هەمان شێوە پێویستە دەرفەتێکی وا بڕەخسێت سینەماکارانی دەرەوە سەردانی کوردستان بکەن و لە نزیکەوە ئاشنای بارودۆخەکە بن

دۆستی هەروەها دەڵێ: بوونی فیلم و سینەماکارانی کورد لە فیستیڤاڵە جیهانییەکان و پەروەردە کردنی سینەمایی و نیشاندانی ئەو هەموو خاڵە بەهێزانەی کە هەیە لە سینەمای کوردیدا بە دەرەوە، هۆکاری سەرەکی و گرنگین بۆ بەجیهانی کردنی و بە بازرگانی کردنی سینەمای کوردی، هەروەها پێویستە دەست لەسەر گرنگترین خاڵەکانی سینەما دابنرێت.



## ریبیکا فێرگسۆن:

# چاوپێکەوتنم بە توم کروز ڕووداوێکی گرنگ بوو


لە دوایین بەشی زنجیرە فیلمەکانی (Mission Impossible) خانمە ئەکتەرێکی بە ڕەچەڵەك سویدی ڕۆڵی بینی ئەویش ریبیکا فێرگسۆن بوو کە بۆ یەکەم جار ڕۆڵی سیخوڕێکی دەبینی و لەبەر ئەوەی پێشتر ڕۆڵی لەو شێوەیەی بینی بوو ئەوا توانی زۆر سەرکەوتووانە لەو بەشە نوێیەدا دەرکەوێت و سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.


سەبارەت بە گرنگی ڕۆڵەکەی لەو بەشەی فیلمەکەدا بۆ کاروانی هونەری خۆی دەڵێ: ئەوەی زۆر دڵخۆشی کردم لەو فیلمە کار کردن بوو لەگەڵ ئەکتەری ناسراوی جیهانی کروز هەرچەندە پێیان وتم کە کار کردن تا ڕاددەیەك زەحمەتە لەگەڵی، بەڵام من توانیم ئەرکەکەی خۆم بەجێ بگەیەنم، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بە (ئافرەتی بەهێز) وەسفم بکەن، هەروەها فیلمەکانی کروز هەمیشە ئەکشن و جووڵەی زۆری تێدایە و زۆربەی ڕۆڵەکان ڕاستەوخۆ خۆی ئەنجامی دەدات ئەمەش زیاتر هانیدام بۆ ئەوەی بەو ڕۆڵە ڕازی بم، چونکە خۆیشم حەز بەو ڕۆڵانە دەکەم.

دەربارەی کاریگەری تۆم کروزیش دەڵێ: من زۆر حەزم دەکرد لە نزیکەوە کروز ببینم لە کاتی ئەنجامی پرۆڤەکان بۆیە لە هەموویان ئامادە دەبووم و زۆریش هەوڵمدا سوودیان لێ وەربگرم.



# لە ئۆسکاردا هونەر و







ڕۆژی دووشەممە ٢٧ی شوباتی ساڵی ٢٠١٧ لەمیانەی ٨٩هەمین ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتەکانی ئۆسکار لەشاری لۆس ئەنجلیس بەئامادەبوونی میوانان و پاڵێوراوەکان بەڕێوەچوو و خەڵات بەشخرایە باشترینەکان.

ئاهەنگی خەڵاتەکانی ئۆسکار ساڵانە لەڕۆژی ٢٧ی شوباتدا ئەنجامدەدرێت کە تیایدا ٢٤ خەڵاتی جۆرجۆر لەخۆدەگرێت لەبوارەکانی سینەما، وێنە، باشترین ئەکتەری پیاو، باشترین دەرهێنەر و چەند بوارێکی تری سینەمایی.

١- ئەکتەر مارشالا عەلی خەڵاتی ئۆسکاری وەرگرت وەک باشترین ئەکتەری لاوەکی لەفیلمی Moonlight دا.

٢- فیلمی Suicide Squad خەڵاتی ئۆسکاری بردەوە وەک باشترین ماکیاژ و داهێنانی قژ.

٣- خەڵاتی ئۆسکار بۆ باشترین دیزاینی جل و بەرگ بەخشرایە فیلمی Fantastic Beasts and Where to Find.

٤- خەڵاتی ئۆسکار بۆ باشترین فیلمی دۆکیۆمێنتاری درا بە فیلمی O.J.: Made in America.

٥- خەڵاتی باشترین مۆنتاژی دەنگ درایە فیلمی Arrival.

٦- خەڵاتی باشترین تێکەڵکردنی دەنگ درایە فیلمی Hacksaw Ridge.

٧- خەڵاتی باشترین ئەکتەری ژن لەڕۆڵی لاوەکیدا درایە ڤایۆلا دەیڤس.

٨- خەڵاتی باشترین فیلمی بیانی درایە فیلمی The Salesman.

٩- خەڵاتی باشترین کورتە فیلمی ئەنیمەشن درایە فیلمی Piper.

١٠- خەڵاتی باشترین فیلمی ئەنیمەشن درایە فیلمی Zootopia

١١- خەڵاتی باشترین دیزاینی بەرهەم هێنان درایە فیلمی La La Land

١٢- خەڵاتی باشترین ڤیژواڵ ئیفێکتس درایە فیلمی The Jungle Book.

١٣- خەڵاتی باشترین مۆنتاژی فیلم درایە فیلمی Hacksaw Ridge.

١٤- خەڵاتی باشترین کورتە فیلمی دۆکیۆمێنتاری درایە فیلمی The White Helmets.

١٥- خەڵاتی باشترین کورتە فیلم درا بەفیلمی Sing.

١٦- خەڵاتی باشترین سینەماتۆگرافی درا بەفیلمی La La Land.

١٧- خەڵاتی باشترین میوزیکی ئۆرجیناڵ درا بە فیلمی La La Land.

١٨- خەڵاتی باشترین گۆرانی ئۆرجیناڵ درا بەفیلمی La La Land.

١٩- خەڵاتی باشترین سیناریۆ درا بەفیلمی Manchester by the Sea.

٢٠- خەڵاتی باشترین سیناریۆی وەرگیراو درا بەفیلمی Moonlight.

٢١- خەڵاتی باشترین دەرهێنەری فیلم درا بە Damien Chazelle لەفیلمی La La Land.

٢٢- خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاو لەڕۆڵی سەرەکیدا درا بە Casey Affleck لەفیلمی Manchester by the Sea.

٢٣- خەڵاتی باشترین ئەکتەری ژن لە ڕۆڵی سەرەکیدا درا بە Emma Stone لە فیلمی La La Land.

# سیاسەت تێکەڵ بوون






ئۆسکار وەك بۆنەیەك بۆ نارەزایی دەربڕین بەرامبەر سیاسەتەکانی ترەمپ

زۆر لە ئەستێرەکانی هۆلیۆد بە ئاشکرا نارەزایەتییان بەرامبەر سیاسەتەکانی دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا بە ئاشکرا دەربڕیوە تەنانەت هەندێکیان لە کەمپینەکانی هەڵبژاردن بە توندی دژی سیاسەت و دروشمەکانی وەستانەوە،

لە دوایین راپرسیدا کە گۆڤاری (هۆلیۆد ریپۆرتەر) بڵاویکردۆتەوە سێیەکی لایەنگرانی ترەمپ دانیان بەوە نا کە لە کاتی دابەشکردنی خەڵاتەکانی ئۆسکاردا ئەوا کەناڵەکانیان دەگۆڕن و نایانەوێ ئەو ئەکتەرانە ببینن کە دژی ترەمپ بوون و زۆریشیان لە ئاهەنگەکەدا بەشدار بوون، گرنگترین ئەو ناودارانەی کە دژی ترەمپ بوون ئەمانە بوون:

میریل ستریب

میریل یەکێك بوو لەوانەی کە زۆر بە توندی دژی ترەمپ وەستاوە و رایگەیاند ئەگەر خەڵاتی بەدەستهێنا ئەوا بە ئاشکرا لە وتەکەیدا دووبارە دژایەتی خۆی بۆ سیاسەتەکانی ترەمپ دەردەبڕێتەوە.

ئیما واتسون

دوای سەرکەوتنی ترەمپ لە ئاهەنگێکدا ئیما رایگەیاند: سەرکەوتنی ترەمپ دەرفەتێکی گرنگە بۆ ئێمە تاکو دووبارە خۆمان یەك بخەینەوە و یەك بگرین بۆ ئەوەی هەرچییەکمان بوێت بە دەنگێکی بەرزەوە داوای بکەین و ئازا بین، ئەمەش ئاماژەیەکی ئاشکرایە کە دژی ترەمپە.

ناتالی پۆرتمان

ناتالیش بە ئاشکرا لە چەندین بۆنە و کەمپیندا دژایەتی خۆی بۆ گشت سیاسەتەکانی ترەمپ دەربڕیوە بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو هەیە و دوای سەرکەوتنیشی بێزاری و دڵتەنگی خۆی نەشاردەوە

ماهر شالا عەلی

ئەستێرەی فیلمی (مۆنلاین) کە براوەی خەڵاتی ئۆسکار بوو، لە ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتەکانی سەندیکای ئەکتەرانی سینەما و تەلەفزیۆن وتارێکی توندی پێشکەش کرد و باسی لەوە کرد کە چۆن فیلمەکەی ئەو ئازارانە دەخاتە روو کە ئەو کەسانەی تووشی چەوسانەوە دەبن دەیچێژن، ماهر ئەوەشی ئاشکرا کە ئەو بەر لە ١٧ ساڵ ئایینی خۆی بۆ ئیسلام گۆڕیوە و دایکیشی مەسیحی بووە، بەڵام ناکۆکییەکانیان وەلاوە ناوە و گرنگییان پێی نەداوە، ئەمەش ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆ بوو بۆ سیاسەتەکانی ترەمپ.

ئەسغەر فەرهادی

سینەماکاری ئێرانی ئەسغەر فەرهاد رایگەیاند کە بایکۆتی بەشداریکردن لە ئاهەنگەکەدا دەکات وەك نارەزاییەتییەك دژی بڕیارەکەی ترەمپ، هەرچەندە دەیتوانی بە هۆی کەسایەتی ناسراوی خۆیەوە سەردانی ئەمریکا بکات.

هەروەها چەندین سینەماکاری دیکەش نارەزایەتی خۆیان دژی سیاسەتەکانی ترەمپ دەربڕیوە لەوانەش:

ڤیولا دیڤر

کیسی ئەفلیك

جیمی کامیل